# ماوييەکان لە ئیڤەرێستەوە بانگەوازی شۆڕشی جیهانی ڕادەگەیەنن, بەڵام؟؟؟؟

عەلی مەحمود محەمەد–بەشی یەکەم و دووەم



هەرچەندە ئەم نەوەیە لە ماوییەکان  دوو دەیە دواکەوتوون لە ڕاگەیاندنی شۆڕشەکەیان , بیری ماوییەت ڕەونەقی دەیەی شەست و حەفتاکانی نەماوە . سۆڤییەت نەیارە مارکسییەکانی خۆشی لەگەڵ  هەرەسی خۆیدا تووشی شکستی سیاسی کرد .

له سەردەمێکدا دەژێین ووتارە ئایدۆلۆژییەکان هەموو کاڵ بونەتەوە , لە زۆر وڵاتدا ماوییەکان تەقڵەی 180 پلەییان دا , سەرکردەکانی بوونە بڵندگۆی لیبراڵییەتی نوێ لە ئەسیوبیاو چادەوە بۆ کوردستانەکەی خۆمان . بەڵام بە پێچەوانەوەلە هیمالایاوە بانگەوازی ماویەت بۆ شۆڕشێکی نوێی جیهانی بە پێچەوانەی ساردی لوتکەکانی هیمالایا , بە ئەندازەی سەرمای ئیڤەرێست بانگەوازی شۆڕشەکەی گەرمە , لەم دەڤەرە دواکەوتووە مارکسیزم ڕەنگی ئاینی بە خۆوە گرتووە و پەیامی بەهەشتی پێیە لەسەر زەوی بۆ هەژاران , بانگەوازێك مژدەی کۆتایی بە سستەمی چینایەتی هەزاران ساڵەی هیندۆسی دەدا بە گوێی مەنبزەکاندا . باوەڕیان بە هێزە بە بونییان بە ناوکی شۆڕشێکی جیهانی . دروست کردنی هاوپەیمانییەتی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناوچەیی و جیهانی لەگەڵ هێزە ماوییەکانی کە, ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ وڵاتانی هیند, بەنگەلادیش , بۆتان , سریلانکا و تەنانەت پاکستانیش , دروستکردنی بزووتنەوەی چەکداری لە چەند ولایەتی هیندی و بەنگەلادیش و بۆتان . بۆ خۆشییان بۆنەتە هێزێکی مەعنەوی گەورە بۆ هێزە ماوییەکانی دیکە لەپیرۆو و تورکیاو ئێران و ..... زۆر وڵاتی کەی جیهان , ورەی خۆیان بۆ سەرکەوتن لەسەر بنچینەی سەرکەوتنەکان ئەمان بنیات دەنێن.

## ئابلوقە دانی پایتەخت قۆناغێکی نوێی تێکۆشانی چەکداری

لە 17 ی ئەم مانگەوە خەباتی چەکداری ماوییەکان چووە قۆناغێکی بالاترەوە , بۆ یەکەمجار پاش 9 ساڵ لە خەباتی چەکداری توانرا ئابلوقەی شاری کەتماندۆی پایتەخت بدرێت . ئەمەش نیشانەی گەشەکردنی خەباتی چەکدارییە لە پارتیزانییەوە بۆ شەڕی گەڕۆك , لە ئازاد کردنی 80٪ خاکی نیپاڵ بۆ چوونە ناو شارەکانەوەو قۆناغی کۆتایی .

ئەگەر ئابلوقەی کاتماندۆ لە دەیان ساڵی پێشوو ئەنجام بدرایە ئێستا تەواوی ڕاگەیاندنی جیهانی بە خۆیەوە خەریك دەکرد .

ماوییەکان 9 داواکارییان هەیە بۆ هەڵگرتنی ئابلوقەی ئابوری لەسەر شاری کاتماندۆ ,یەکێك لەو داواکارییانە ئەوەیە هاوڕێ دیلەکانییان ئازاد بکرێت و لێکۆڵینەوە لەسەر گولە بارانکردنی هاوڕێکانییان ئەنجام بدرێت و کۆبونەوەیەکی سەرانسەری بۆ دانانی دەستورێك بۆ وڵات ڕێك بخرێت .

دەوڵەت لە سەر زاری گەورە بەرپرسانییەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی لەگەڵ ماوییەکان دابنێشن , مارات موهان ئەدیکاری جێگیری سەرۆك

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەزیران ڕای گەیاند – ئێمە ناتوانیین ماوییەکان سەرکوت بکەین , بەهەمان شێوەش ئەوانیش ناتوانن دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن , هەردوو لامانا پێویستە یەکتری قەبوڵ بکەن (19-8-2004 بی بی سی ).

تا ئێستا چەندین خولی گفتو گۆ لە نێوان هەردولا ئەنجام دراوە تەواوییان بە ڕەزامەندی هەردولا بووە . بەڵام ئەمجارە گفت و گۆ بە شەرتی داواکاری ماوییەکان دەبێت . ئابلوقە دانی پایتەخت و گەشەکردنی خەباتی چەکدارییان ئەوە دەسەپێنێت بە سەر دەوڵەتدا .

بە داسەپاندنی ئابلوقەی ئابوری بەسەر شاری کەتماندۆ کە زیاتر لە 1,5 ملیۆن دانیشتوانییەتی , بە ناوچەی دەوروبەرییەوە 5 ملیۆن حەشیمەتی لێدەژێت, تەواوی دەسەڵاتدارییەتی دەکەوێتە مەترسییەوە . چونکە یەدەکی سوتەمەنی و خۆراك لە نزیکترین کاتدا مەترسی کۆتایی هاتنییان لێ دەکرێت .

نەوتی سوتەمەنی بەشی یەك هەفتەیە , بەنزین بۆ ئۆتۆمۆبێل بۆ 2 هەفتە , خۆراك بۆ 10 هەفتە . وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە تا ئێستا هەموو جۆرە کۆمەکێکی سەربازی و لۆجیستیکی پێشکەش بە دەسەڵاتداران دەکات و ماوییەکانی بە یەکێك لە هێزە تیرۆرستەکانی جیهان ناساندووە ووتی _ ئەم کردارانە زیان بە ئابوری لاواز و هەژاری نیپاڵ دەدات (19-8-2004 بی بی سی). لە هەمان کاتدا باڵوێزخانەکانی فەرەنسا و ئینگلترەو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو و هیند و ئەڵمانیا داوایان لە ماوییەکان کرد ئابلوقە لە سەر کاتماندۆ هەڵگرن (نیپاڵ نیوز ). بزنس مانەکانی نیپاڵ بەم ئابلوقەیە بەرژوەندیەکانیان کەوتە مەترسییەوە و نابودی ئابوری چاوەڕوانی کۆمپانیاو میوانخانەو کارخانەو بازرگانییەکانییان دەکات, داوایان کرد ئاگر بەست ڕابگەیەنرێت و دەست بە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دانوسانادن له نێوان هەردوولا بکرێت . 11 کۆمپانییای گەورە ڕاوەستاوە , لەوانە ئوتێلی ئەستێرە 5 له کاتماندۆ .باهادۆر شرستای بزنس مان ووتی – ژمارەیەك له کۆمپانیاکان له لیواری هەرەس هێناندان (بی بی سی 20-8-2004).سەرباری ئابلوقەی گەریلا ماوییەکان لەسەر پایتەخت , هاوکات یەکێتی کرێکارانی نیپاڵ (ANTUE ) که ماوییەکان تیایدا باڵا دەستە و سیاسەتەکانی دەباتە پێشەوە , بڕیاری مانگرتنی سەرانسەرییان دا له ڕۆژی 17-8 ەوە , ئەمە زیاتر قورِاوی ئابلوقەی سەر شاری کەتماندۆی لێل کرد (سایدی نیپاڵ نیوز-ئۆرگ- 16-8-2004). ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە ماوییەکان بەسەر چەندین ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی وەك کرێکاران و حوتیاران و قوتابیان و ژنان باڵا دەستن . سەرباری ئەوەی هێزی سەربازی باڵا دەستن و 80٪ ولأت له ژێر کۆنترۆڵیاندایە هاو کات هێزێکی جەماوەری کاریگەریشن له ناو بزوتنەوە جەماوەرییەکاندا . له دوو بەرەوە خەبات خۆیان دەبەنە پێشەوە . جگە له هەڕەشەی ئابلوقەی سەر کاتماندۆ , مانگرتنی کرێکارانیش تێسرەواندنی خۆی وەشاند و حکومەتی شپرزە کرد, نموونە پیشەسازی شەنگەهای بلاستیك له کار وەستا بەهۆی مانگرتنی کرێکارانەوە(نیپاڵ نیوز). مانگرتنی کرێکاران هۆکارەکەی ئەوەیە گوایە ئەم کارخانانە خێزانی پاشایەتی سەرمایەگوزارییان تێیدا کردووە. هاوئاهەنگ ماوییەکان بەرەیەکی سربازی کەشییان کردەوە له 115 کم مەتری باکوری کاتماندۆ له سنوری تیبت (واتە چین) که دەروازەی سەرەکی بازرگانی هەردوو ولأتە (جەزیرە نێت 21-8-2004) و هەروەها شاری خالانجا له دوری 500 کم کاتماندۆ له شەڕێکی گەڕۆکدا کۆنترۆلییان کرد (23-8-2004 شەرق ئەوسەت).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕۆژنامەی سکۆلەند سەندای لە وتارێکیدا لە ڕۆژی 22-8-2004 بە ناوی کۆمۆنیستەکان بناقاقای نیپاڵ دەگرن لە سەر زاری میلۆرد پسپۆری کاروباری نیپاڵەوە دەنوسێت = ماوییەکان بەهۆی گەندەڵی و هەژارییەوە لە نیپاڵ بەهێز بوونە . دیموکراسییەتی ساڵی 1990 کە جەماوەر دڵی پێخۆش بوو نەیتوانی کێشەی گەندەڵی و هەژاری چارەسەر بکات . سستەمی چینایەتی هیندۆسی بووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی هەژاران شوێن خۆیان بگرن لە سیاسەتی وولاتدا , نیپاڵ دوا دەوڵەتی ئاینی هیندۆسییە لە جیهاندا , ژمارەی گەریلا ماوییەکانی بە 10000-15000 مەزەندە کرد . هەروەها نیپاڵ نیوز لە 20-8-2004 دا نووسی خەباتی ماوییەکان چووە قۆناغێکی ترسناکەوە بە هەڕەشە کردن لە ئابلوقە دانی کەتماندۆ .ئێستا ڕێگای کەتماندۆ چارەکی جاران ئۆتۆمۆبێلی پێدا دەڕوات .



شاری کەتماندۆ لە مێژوی خۆیدا دوو جاری کە ئابلوقەی بەخۆوە دیوە , جاری یەکەم لە لایەن شا prithbi narragaeەوە , جاری دووەمیش لە ساڵەکانی 1985-1989 لە لایەن هیندستانەوە (نیپاڵ تایمز-ژمارە 10 بەرواری 20-26-8-2004). زۆربەی خۆراك و سەوزەو میوەی شاری کەتماندۆ لە باشوری وڵات و هیندوستانوە بۆی دێت , بۆیە ئەم ئابلوقە ئابورییە بووە هۆی گرانی ڕادەبەدەر , ئەمەش باری ژیانی هەژارانی سەخت کرد. بازرگانە چاوچنۆکەکان و جوتیارەکان هەلەکەیان قۆستەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ ئەوەی بەروبومەکانیان گران کەن لە بازاڕ، بەهۆی ڕاوەستانی هاتوچۆوە ئێستا حوتیاران بە کۆڵ بەرو بومەکانییان دەگەیەننە بازاڕەکانی کاتماندۆ .
لە هەمان کاتدا گەشت و گوزار لایەنێکی گرنگی ئابوری نیپاڵە لەم ئابلوقەیە تێسرەواندنی کاریگەری بەر کەوت . گەشت و گوزار سەرچاوەی دراوی قورسە بۆ نیپاڵ , سەدان هەزار کەس لەم کەرتە کارە کەن.

سالێك لەمەوبەر بەهەمان شێوە گەریلاکان لە ڕۆژئاوای نیپاڵ هەمان تاکتیکییان ئەنجام دا و ئابلوقەیان دا ( Olihuanet 2004–8–21 ).ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نیپاڵی(AHRC) نیگەرانی بەرامبەر بەم بارگرژییە دەربڕی و شەرمەزاری کرد (نیپاڵ نیوز–22–8–2004 ).ئالۆزییەکە تەنها ئابلوقەی گەریلاکان نییە بەڵکە یەکێتی کریکارانی نیپاڵ کە پەیوەستن بە ماوییەکانەوە هەڕەشەیان لە شا دەمارەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری نیپاڵ کرد , بڕیاری مانگرتنییان لە 12 کارخانەی گەورەو 17 میوانخانە و کۆمپانیاکانی گواستنەوە دا بە هۆی چەوساندنەوەی کرێکارانەوە . تەنها بەمەشەوە نەوەستان بەڵکە لە ڕۆژئاوای نیپاڵ یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی نیپاڵی بڕیاری مانگرتنی سەرانسەری لە زانکۆو خوێنگاکان دا , ڕۆژی یەکشەمە خوێندگاکان داخران (نیپاڵ نیوز 22–8).



هەندێك زانیاری سەرەتایی لەسەر نیپاڵ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




دەوڵەتی نیپاڵ لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵێك ئیمارەی دەرەباگایەتی لە ساڵی 1769 پێك هات(اثنوغرافيا شعوب العالم-د.محيد حميد عارف-1990 موصل-ص215) .

نیپاڵ لە ساڵی 1816 دەکەویتە ژێر دەست ئینگلیزەکان تا ساڵی 1823 ، پێشتر لە ژێر دەست تیبتییەکان ادا بوو ، لە ساڵی 1951 حوکمی مەلەکی موتلەق دادەمەزرێت تا ساڵی 1990, لە ساڵی1990ەوە سستەمی پارتایەتی دەگەڕێتەوە بۆ وڵات , پاش خۆپیشاندانی سەرانسەری کە لە ئەنجامدا 50 کەس گیانییان لە دەست دا .پاش ئەم خۆپیشاندانانە بڕیار لەسەر ئازادی پارتایەتی و ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان دەدرێت و وڵات دەگەڕێتەوە بۆ سستەمی پاشایەتی دەستوری .

ڕووپێوی نیپاڵ 140,800 کم2 , کەوتۆتە نێوان دوو دەوڵەتی زل هێزی ناوچەکەوە(چین و هیندستان) , کە پێشبینی ئەوە دەکرێت ببنە دوو زل هێزی گەورەی جیهانی لە دەیان ساڵی داهاتودا , بەمەش شوێنەکەی گرنگی ستراتیژی خۆی دەبێت ,بەم, هۆیەوە ئەمەریکا نیگەرانە لە چارەنوسی نیپاڵ, 1236 کم سنوری لەگەڵ چین و 1690 کم لەگەڵ هیندستانە هەیە ,تەنها 20,27 ٪ خاکەکەی بەکەڵکی کشتوکاڵ دێت , لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

10 لوتکەی بەرزی جیهانی 8 ی لە نیپاڵە . گرنگترین سامانی نیشتمانی نیپاڵ , ئیڤەرێست, جوانی سروشتی خاکەکەی , ئاو , دار , هێزی ئاو بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا , خەڵوزی بەردین , مس , ئاسن .

دۆڵی کاتماندۆ ناوچەیەکی پڕ دانیشتوانە بە پێچەوانەی باکوری نیپاڵ , لە هەشتاکاندا چڕی دانیشتوان زیاتر لە 800 کەس بوو بۆ 1 کم .ئەم شارە بە شاری پەرستگاکان ناسراوە , نەك تەنها پەرستگاکانی هیندۆسەکان بەڵکە بۆ بوزییەکانیش پیرۆزترین شارە .

لە یۆلی ئەمساڵ ژمارەی دانیشتوانی نیپاڵ گەیشتۆتە 27,070,666 هەروەها گەشەی ساڵانەی دانیشتوان 2,23٪ . ڕێژەی تەمەن 59,4 ساڵە کە یەکێکە لە تەمەنە کەمەکان لە جیهاندا .نیپاڵ لە ڕیزی ژمارە 144 دێت لە گەشەی مرۆڤ لە ساڵی 1998لە کۆی 174 وڵاتدا بە گوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان (ڕاپۆرتی ساڵی 1998). 42٪ خەڵکی نیپاڵ لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین .

پێکهاتەی ئاینی نیپاڵ 86,2٪ هیندۆسی و 7,8٪ بوزی و 3,6٪ ئیسلام و 2,2٪ ئاینەکانی کە . هەروەها 53٪ نیپاڵی و 18٪ بیهاری و 5٪ تهارو و 3٪ نوار و کۆمەڵێکی کە (اتلەس کامل گیتا شناسی ). بە گشتی لە نیپاڵ 70 ڕەگەز و 60 زمان هەیە .نیپاڵییەکان لە ناوەڕاستی وڵات و دۆڵی کەتماندۆ لەگەڵ نوارەکان دەژین , تهارۆ لە سنوری هیندستان و لە باشور بیهاری و هندۆستانی و بەنغالی دەژین .نیڤار لە دۆڵی کەتماندۆو زۆربەی شارەکان دەژێت ,بەگشتی غۆرۆنغ و ماغار و تهاکال و رای و لیمبۆو سونوار و تەهامی و تشیبانغ و بهۆتی و شەرب و چەندین نەتەوەی کە لە نیپاڵ دەژین.لە کۆی زیاتر لە 60 زمان تەنها 14 ەیان زمانی نوسینیان هەیە.

کۆچکردن بەردەوامە لە چیاکانی ناوەڕاستی پڕ لە دانیشتوانەوە بۆ ناوچە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەم دانیشتوانەکان , لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەلأت کە زەوی کشت و کالَی زیاتری تێدایەو بارانی زیاتری لێدەبارێت . لە هەمان کاتدا لە ڕابردودا کۆچ لە نیپالَەوە بەرەو هیندستان ئەنجامە درا , بەلأم ئێستا بە پێچەوانەوە جوتیارە بێزەوییەکان دەگەڕێنەوە بۆ نیپالَ .

80٪ خەلَکی نیپالَ لە کێلَگە کشت و کالَییەکان کارە کەن , 40٪ داهاتی ولأت کەرتی کشت و کالَ بەرهەمی دەهێنێت .

بەرهەمی نەتەوەیی ولأت بە گوێرەی هێزی کڕینی هاولأتیانەوە سالَی 2003 گەیشتۆتە 38,07 ملیار دۆلار , بەلأم بە نرخی دۆلار سالَی 2002 تەنها 5,493 ملیار دۆلارە بووە (total GDP 2002). لە ڕیزی 107 هەمین ولأتە لە جیهاندا دەهات.گەشەی سالأنەی بەرهەمی نەتەوەیی 2,4٪ بوو پار سالَ ,ئەمەش یەکێکە لە ڕێژە کەمەکانی گەشەکردن لە ولأتانی باشور .داهاتی تاك 1,400 دۆلارە بە گوێرەی هێزی کڕین, ناوەندی ڕێژەی جیهان 5000 دۆلارە . 10٪ هەرە هەژاران تەنها 3,2٪ داهاتی ولأت بە دەستیانەوەیە و 10٪ هەرە دولَەمەندەکان 29,8٪ ی سامانی ولأت بە دەستیانەوەیە.

کشتوکالَ 40٪ و پیشەسازی 20٪ و خزمەت گوزاری 40٪ ی ئابوری نیپالَ پێك دەهێنن بە گوێرەی ئاماری سالَی (2002). هەرچی هێزی کارە کە ژمارەی 10 ملوێنە 81٪ لە کشت و کالَ و 16٪ لە کەرتی چاکسازی و 3٪ لە کەرتی پیشەسازی کارە کەن . بەلأم بێکاری 47٪ پێك دەهێنێت لە سالَی 2001 . ئاستی خوێنەواری 42,7٪ ە , ئەمەش ئاستێکی زۆر لە خوارە لە جیهاندا, لەو ڕێژەیە پیاوان 62,7٪ خوێنەوارن هەرچی ژنانە تەنها 27,6٪ یان خوێندەوارن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داهاتی حکومەت 661 ملیۆن دۆلارە لە ساڵی 2001 , خەرجی 1,1 ملیارە لەوە 295 ملیۆن دۆلار ساڵی 2004 بۆ کاروباری سەربازی تەرخان کراوە واتە نزیك بە 24٪ . بەڵام 1,6٪ بۆ پەروەردە تەرخان کراوە , نیپاڵ خاوەنی 308776 سەربازە .
60٪ خەڵکی نیپاڵ لە تاریکیدا شەوان ژیان بەسەرە بەن , بەرهەمی کارەبا تەنها 1,755 ملیار کیلۆ واتە لە ساڵی 2001 , لە کاتێکدا نیپاڵ سێیەم وڵاتە لە بونی هێزی ئاو بۆ بەرەم هێنانی کارەبا لە دوای چین و بەرازیل لە جیهاندا .
ناردەی نیپاڵ ساڵانە بایی 568 ملیۆن دۆلارە (2002) , لەوە 47,9٪ بۆ هیندستان و 27,8٪ بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و 7,6٪ بۆ ئەڵمانیا . سنور لەگەڵ هیندستان ئازادە بۆ بازرگانی .لە کاتێکدا هیندستان گەورەترین شەریکی ئابوری نیپاڵە لە هەمان کاتدا گەورەترین سەرمایەگوزاریشە لە نیپاڵدا . هاوردە ساڵانە بایی 1,419 ملیارە 21,5٪ لە هیندستانەوە , 13,5٪ لە چین و 11,3٪ ئیمارات و ..... . ساڵی 2001 بڕی 2,1 ملیار دۆلار قەرزاری دەرەوە بوو .68,14 ڕوپییەی نیپاڵی لە ساڵی 1998 بە 1 دۆلار بوو .بەڵام لە ساڵی 2002 پاش قەتل و عامی خێزانی پاشایەتی گەیشتە 77,89 و ئێستا 76,14 ڕوپیە 1 دۆلارە.
نیپاڵ بە مەملەکەتی ئەڤیون بە ناوبانگە بەهۆی ڕادەی بەرزی بەرهەم هێنانی و بوونی بە دەروازەی گواستنەوەی بۆ ڕۆژئاوا , گەشەی کشت و کاڵ ساڵانە 5٪ (20-7-2004 بەیان).
نیپاڵ لە دوای ساڵی 1990 ەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوری گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە , پاش سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ گەڕانەوەی دیوکراسی .دانیشتووانی شاری کەتماندۆ لە 419073 کەسەوە لە ساڵی 1991 ئەمڕۆ گەیشتۆتە 1,5 ملیۆن کەس. لە ساڵی 1975 دا تەنها 4,4٪ دانیشتوان لە شاردا دەژییان( اثنوغرافیا شعوب العالم-د.محید حمید عارف-1990 موصل-ص215). . لەو کاتەدا گرنگترین شاری نیپاڵ جگە لە پایتەخت لە سەرەتای نەوەتەکان برگن ژمارەی دانیشتوانی 221645 و ترۆندهیم 142792 و ئەستاونگەر 103500 و کریستاند ساند 64830 و فرۆمسۆ 54500 بوو .

شاری کەتماندۆ ئێستا 20000–30000 منالی کرێکاری تێدایە لە شوێنەکانی دیکەی نیپاڵەوە هاتوونە بۆی , هەقدەستییان مانگانە 6 دۆلارە , ساڵی یەکجار دەتوانن دایك و باوکییان ببینن, جاری واش هەیە بۆ بازرگانی سێکسی بەکار دەهێنرێن , لە نیپاڵ بە گشتی 10٪ منالان لە کاردا بەکار دەهێنرێن (Z-magazinژمارەی ئازاری 2004– ئەلیکس هلپرین).




نیپاڵ وڵاتێکی هەژارەو پێشبینی ئەوەش ناکرێت بە سانایی هەنگاو بنێت بۆ گەشەی زیاتر بەهۆی , دواکەوتویی لە ڕوی ژێرخانی تەکنەلۆجییەوە , کەمی ئابوری , سستی بازاڕ بەهۆی لاوازی کاربردی هاولاتیانەوە,نەبوونی دەروازەی ئاو لەگەڵ دەرەوە , شەڕی ناوخۆیی و کارەساتی سروشتی ,

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەبونی ووزە, خراپی هۆیەکانی پیوەندی و گواستنەوەو گەیاندن لە نیپاڵدا(59کم هێڵی شەمەندەفەر , 4,073 کم هێڵی قیرتاو , 9 فرۆدگا , 80000 بەشداری ئەنتەرنێت و 327700 هێڵی تەلەفۆنی خراپ و 21900 هێڵی تەلەفۆنی دەستی هەیە), سەرباری کەمی سەرمایەگوزاری بێگانە , سەرمایەی ترسنۆك ناوێرێت سەربکات بە وڵاتێکدا دەنگی تەقەی تفەنگ لەهەموو لایەکەوە بێت . زۆربەی ناوچەکان شەوان لە بێکارەبایی ژیان بەسەرەبەن , ساڵانە 227 ملیۆن کیلۆ وات کارەبا لە دەرەوە دەکڕن .

ژمارەیەکی زۆر لە نیپاڵییەکان لە هاندەران دەژێن , لەوانە 300000 لە مالیزیا لە هەلومەرجێکی زۆر خراپدا کارەکەن (نیپاڵ نیوز 22-8-2004 ). هەزاران ژنی نیپاڵی لە وڵاتانی کەنداو لە بارودۆخی کۆیلەداریدا ژیان بەسەرە بەن و لە بازاڕی سێکسی بەکار دەهێنرێن (23-8-2004 نیپاڵ نیوز). لە هەمان کاتدا 10000 نیپاڵی لەم هەلومەرجی قەسابییەی ئێستای عێراقدا لە هیندستان ڕێگایان لێگیراوە دەیانەوێت بێن بۆ عێراق بۆ کارکردن (23-8-2004 نیپاڵ نیوز). بە بێگوێدانە چەقۆی مرۆڤ کوژەکانی قاعیدە.

## پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵ(یەکێتی مارکسیست -لینینستەکان).

ئەم پارتە یەکێکە لە هێزە هەرەکاریگەرەکانی گۆڕەپانی سیاسی نیپاڵ , لە 22-4-1949 دامەزراوە لە پێناو خەبات دژ بە دەرەبەگایەتی و ڕژێمی پاشایەتی .لە هەڵبژاردنی 1959 بەشداری کرد و توانی بۆیەکەمجار لە مێژوی نیپاڵدا 4 کورسی پەرلەمان بە دەست بهێنێت لە کۆی 109 کورسی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

. دژ به کودەتای پاشایەتی لە ساڵی 1950 وەستایەوە , کە لە ئەنجامدا سستەمێکی پاشایەتی بێسنور دامەزرا.لە ساڵی 1960 چەند پارتێکی کۆمۆنیستی دامەزرا , لە 1986 توانرا کۆنگرەی یەکگرتنەوە رێك بخرێت 7 پارت و رێکخراو یەکیان گرتەوە پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵی(م ل) بیان پێك هێنا .لە کۆنگرەیەکی کەدا لە بەرواری 19-12-1990 پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵی(یەکێتی مارکسیست لینینست) دامەزرا .لە ساڵی 1971 رابەرایەتی بزووتنەوەی جەماوەری جوتیارانی کرد دژ بە دەرەبەگایەتی , لە 1972 رابەرایەتی بزووتنەوەی قوتیابان و لە 1979 خەباتی جەماوەری دژ بە رژێمی پاشایەتی سەرکوتکەر . لە خەباتی جەماوەری ساڵی 1990 دا یەکێك بوو لە هێزە کاریگەرەکان لە پێناو گەرانەوەی دیموکراسی بۆ وولات .لە دیسەمبەری 1994 حکومەتی پێك هێنا توانی کۆمەڵێك چاکسازی لە خزمەت هەژاران ئەنجام بدات لە وانە یارمەتی دانی پیر و پەکەوتە,رێگە گرتن لە هەڵئاوسان , دابەزاندنی نرخی کەل و پەلی پێویست , دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران .... .

ئەم پارتە لە رێگەی سندووقی دەنگدانەوە بەشداری ژیانی سیاسی لەنیپاڵ دەکات , لە چەند خولی رابردووی هەڵبژاردنی پەرلەماندا پاش ساڵی 1990 توانی وەك هێزێکی کاریگەر و سەرەکی لە نیپاڵدا دەربکەوێت , پاش گەرنەوەی دیموکراسی لە هەڵبژاردنەکاندا ئەم رێژە دەنگانەی هێناوەتەوە .

| Election | 20 | | | 24 | | | 39 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Male | Female | Total | Male | Female | Total | Male | Female | Total |
| Candidates | 1,265 | 80 | 1345 | 1,356 | 86 | 1,442 | 2,095 | 143 | 2,238 |
| Elected Candidates | 198 | 7 | 205 | 198 | 7 | 205 | 193 | 12 | 205 |
| Voters' Turnout Percentage | 65.15 | | | 61.68 | | | 65.79 | | |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | Position in the Elections | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Parties/ Independent | 1991 | | | 1994 | | |
| | Seat secured | Vote secured | Per cent of Votes | Seat secured | Vote secure | Per cer of Vote |
| Nepali Congress | 110 | 2742452 | 37.75 | 83 | 2545287 | 33.38 |
| Nepal Communist Party (UML) | 69 | 2040102 | 27.98 | 88 | 2352601 | 30.85 |
| Rastriya Prajatantra Party (Chand) | 3 | 478604 | 6.56 | - | - | - |
| Rastriya Prajatantra Party (Thapa) | 1 | 392499 | 5.38 | - | - | - |
| Rastriya Prajatntra Party | - | - | - | 20 | 1367148 | 17.93 |
| Nepal Sadbhawana Party | 6 | 298610 | 4.10 | 3 | 265847 | 3.49 |
| Nepal Majdoor Kisan Party | 2 | 91335 | 1025 | 4 | 75072 | 0.98 |
| Samyukta Janamorcha, Nepal | 9 | 351904 | 4.83 | - | 100285 | 1.32 |
| Communist Party of Nepal (Democratic) | 2 | 177323 | 2.43 | - | - | - |
| Rastriya Janamorcha | - | - | - | - | - | - |
| Independent | 3 | 303723 | 4.17 | 7 | 471324 | 6.68 |
| Total | | - | - | | - | - |
| Voters Turnout Percentage | Yr. 1991 | | Yr. 1994 | | | |
| | 65.15 | | 61.86 | | | |

سالّى 1999 به گوێرەى ليست ناوى پارتەكان وەك لەوە پێشدا هاتووە

| | | |
|---|---|---|
| 113 | 3214786 | 36,49 |
| 69 | 2734568 | 30,77% |
| - | 299812 | 3,33% |
| - | - | - |
| 12 | 902327 | 10,14% |
| 5 | 278435 | 3,13% |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | |
|---|---|---|
| 1 | 48684 | 0,55% |
| 1 | 74669 | 0,84% |
| - | - | - |
| 5 | 121426 | 1,37% |
| - | 251939 | 2,83% |

دەنگدان سالی 1999 بە رێژەی 65,79٪ بووە .لەم ساڵەدا 2200 کاندید لە 90 پارتی سیاسییەوە خۆیان کاندید کرد .

هەرچی لە هەڵبژاردنی شارەوانی و لیژنەکانی گەشەپێدانە توانییان دەنگی زیاتر بهێننەوە و ببنە جێی متمانەی جەماوەر بۆ خزمەتکردن بە هەژاران .

لە کۆی 188010 کورسی شارەوانی توانییان 93899 یی بهێننەوە , هەرچی لە لیژنەکانی گەشەپێدانە ئەوا 80٪ دەنگەکانیان هێنایەوە .

ئەم پارتە 73220 کادیر و 400000 ئەندام و سەدان هەزار لایەنگری هەیە لە رێکخراوە جەماوەرییەکانی کارە کەن ( http://www.cpnuml.org/history.html). جگە لەم پارتە کۆمۆنیستەپارتی کۆمۆنیستی مارکسیستی لینینی نیپاڵی و پارتی کرێکاران و جوتیارانی نیپاڵی و ماوییەکان کە بە درێژی دێینە سەری کۆمەڵێك پارت و گروپی مارکسیستی و چەپی کە لە نیپاڵدا هەیە , بەشێوەی گشتی مارکسیزم لە بواری سیاسی و رۆشنبیریدا لە کۆمەڵی نیپاڵیدا باڵادەستن.

 .

## بەرژەوەندی جەماوەر لەچالاکییەکاندا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕۆژی چوار شەممە 25-8 ماوییەکان لەبەیاننامەیەکیاندا بە ئیمزای 5 فەرماندەی سەربازیی ئابلوقەی شاری کەتماندۆییان هەڵگرت , بەهۆی ئەوەوەی ئابلوقەکە کاری خراپی لە سەر ژیانی هەژارانی کەتماندۆ دانابوو ببوە هۆی بەرز بونەوەی خۆراك و سوتەمەنی و ڕاوەستانی کار , حکومەتییان سەرپشك کرد تا مانگێك وەڵامی داواکارییەکانییان بداتەوە. براهەندەی ڕابەری ماوییەکان ڕای گەیاند ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ مەلیکدا ڕاستەوخۆ دانوساندن بکەن نەك لە ڕێگەی سەرۆك وەزیرانەوە , ئەمەش وەك دەربڕینێك بەرامبەر ئەوەی هەموو دەسەڵاتێك بە دەست مەلیکەوەیە نەك وەزارەت (بی بی سی –ئینگلیزی=3-9-2004).

پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵی(یەکێتی مارکسیست لینیستەکان) ڕایان گەیاند ماوییەکان هەستیان  بە زیانی خەڵك کرد بۆیە ئابلوقەی سەر شاری کەتماندۆیان هەڵگرت , بە هەمان شێوە قسەکەری پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ووتی– ماوییەکان دەیان توانی درێژە بە ئابلوقەکەیان بدەن بەڵام نەیانکرد . ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە تا ئێستا لە ماوەی 9 ساڵ خەباتی چەکداریدا هیچ چالاکییەك بە ئەندازەی ئابلوقەدانی پایتەخت سەرنجی ڕاگەیاندنی ناوخۆو دەرەوەی ڕانەکێشاوەو کاریگەریشی نەبووە (نیپاڵ نیوز–25-8-2004).


नेपाल कम्युनिष्ट पार्टी (माओवादी)
Communist Party of Nepal (Maoist)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمە دوو هەفتەیە پیشەسازییە سەرەکییەکانی نیپاڵی ڕاوەستاون بە تاییەت  پیشەسازییە ئەمەریکییەکان لەوانە کۆکا کۆلا , هەروەها کارگای نیپاڵ لییەر کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی نیپاڵی- هیندییە گەریلاکان سوتاندییان (نیپاڵ نیوز-28-8-2004).ماوییەکان ڕایان گەیاند هەموو ولاتان دەتوانن سەرمایەگوزاری بکەن لە نیپاڵ جگە لە ولاتە یەککرتوەکانی ئەمەریکا, کۆی سەرمایەگوزاری ئەمەریکا لە نیپاڵ نزیک بە 4 ملیار ڕۆپیەیە ,لەوانە کۆمپانیای کۆکا کۆلا(نیپاڵ نیوز-27-8-2004).

وەك باسمان کرد لەمێژودا دووجاری دیکە کەتماندۆ ئابلوقەی بە خۆوە بینیوە , ساڵی 1768 یەکەم ئابلوقە لە لایەن بریتفی شاه دارییان ( بابای مەلیکی ئێستا غوانیندرا یە) ئابلوقەی کەتماندۆی دا و خۆی وەك پادشای نیپاڵی یەککرتوو سەپاند , ولاتی لە حوکمی ئیماراتی ناوچەیی دەرەبەگی و پارچە پارچە بوون دەرکرد و تەواوی خاکی یەك خست لە یەك دەسەلاتی پاشایەتی یەککرتودا ,دەتوانیین ئەو هەنگاوە بە هەنگاوێکی مێژویی بزانیین بۆ یەکێتی نەتەوەیی نیپاڵی و دروست بوونی نەتەوەی نیپاڵ, دووەم ئابلوقە هیندسان سەپاندی تا مەلیك بیرندرای ناچارکرد پەیماننامەی ئابوری ئازاد مۆر بکات لەگەڵ هیندستان( ساڵی 2001 لە کوشتاری خێزانی مەلەکی لەگەڵ ژنەکەی ئەمیرە شروتی و تەواوی خێزانەکەی بە دەست کوڕەکەی کوژرا , پاشان کوڕەکەشی بە بریینداری مرد ), ئەم ئابلوقە دانە قەیرانی ئابوری و سیاسی لێکەوتەوە ئاکامەکەی بە شۆڕشی جەماوەری ساڵی 1990 گەیشت مەلیك ناچار کرا لە بەشێك دەسەلاتی واز بێنێت و بگەڕێتەوە سەر سستەمی چەند پارتی کە 30 ساڵ بوو کۆتایی پێهێنابوو (1-9-2004

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەیان).ئابلوقەی ئەمجارەش کە سێیەم ئابلوقە بوو لە مێژوی کەتماندۆیا ئەگەر بەرژەوەندی هەژاران لەبەر چاو نەگرترایە لە لایەن ماوییەکانەوە ئەوا قەیرانی توندی لێدەکەوتەوەو سستەمی پاشایەتی داڕزیوی لە لێواری مەرگ و لە ناو چوندا ڕاگرتبوو , بەڵام زۆرانبازییەکە بۆ چەند هەفتەیەك دوا خراوەو چاوەڕوانی خولەی داهاتوین . خولی داهاتوو لە سەرو بەندی هاتنی زستان دێت ,لەو وەرزەدا سەپاندنی ئابلوقە کاریگەری زیاترە بێت لەسەر ژیانی کۆمەلانی خەڵکی شاری کەتماندۆو دۆڵی کەتماندۆ بە گشتی وە هەژاران بە تایبەتی , بەهۆی سەرمای ڕادەبەدەر و کەمبونی خۆراکەوە , هەروەها دەستی گەریلا ئاواڵە تر دەبێت بۆ چالاکی سەربازی , سزتان وەرزی پارتیزانانە .

هاوکات یەکێتی کرێکاران لە پرۆژەی کارەبای لامبۆنگ کە لەو پرۆژەیە 1500 کرێکار کارە کەن داوایان لە ماوییکان کرد کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن کە لە
8–24 وەوە مانگرتنی کرێکاران بە ڕابەرایەتی یەکێتی کرێکارانی ماوی بە ڕێوەیە , چونکە ئەم مانگرتنە زیانی بە دروستکردنی پرۆژەکە و باری گوزەرانی کرێکاران گەیاندووە , زیانەکان تا ئێستا بە 20 ملیۆن ڕوپییە مەزەندە کراوە , ماوییەکانیش تێگەیشتنییان بۆ داواکاری یەکێتی کرێکاری هەبوو و کۆتاییان بەو مانگرتنە جەماوەرییە هێنا (نیپاڵ نیوز–3–9–2004).

## سەربڕینی 12 نیپاڵی لە عێراق و کاردانەوەکانی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیسلام له نیپاڵدا 3,6٪ کۆمەڵ پێك دەهێنن ، بوزی و هیندۆسەکان بەرامبەر بە ئاینەکانی کە هەڵوێستی پۆزەتیفییان هەیە و تێگەیشتنییان بۆ کۆمەڵگەی چەند ئاینی هەیە و قەبوڵییانە ، له مێژوی بونی ئیسلام له نیپاڵدا هیچ توندو تیژییەك بەرامبەریاندا ئەنجام نەدراوەو ئازادانە تەنانەت تەبشیری خۆشییان له ناو ئەو ئاینانە ئەنجام داوە, هەروەها ئیسلامەکان تا ئێستا هیچ چوساندنەوەیەکییان وەك ئیسلام بوون لەسەر نەبووە .

چوار شەممە 1–9 بەهۆی کوشتنی 12 نیپاڵییەوە له عێراق بە دەست گروپە تیرۆرستییەکان له لایەن جەماوەری ناڕازییەوە هێرش بۆ سەر مزگەوتی گەورەی کەتماندۆو بیرۆی هێڵی ئاسمانی قەتەری و چەند وڵاتێکی کەو باڵوێزخانەی میسر دەستی پێکرد .ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە ئەم کرێکارانە کۆمپانیای تیشکی مانگ کۆنتراکتی له گەڵییان کردبوو پەیمانی کارکردنی له ئوردون له گەڵییان ئیمزا کردبوو , بەڵام دوایی بە نهێنی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئوردونی ڕێك کەوتن ناردیانیان بۆ عێراق (بی بی سی 1–9–2004).

کەچی نافین سنگا کاوکا له ڕۆژنامەی نیپاڵ نیوز له سەر زاری کەس و کاری قوربانییەکانەوە نووسی_ هەمووان دەمانزانی ئەم کرێکارانە دەچن بۆ عێراق ، هێشتا 8 کرێکاری ئەو پۆلە له عێراق ماونەتەوە (نیپاڵ نیوز 3–9–2004).هەر ئێستا 10000 کرێکاری نیپاڵی له مۆمبای هیندستان ڕێگەی چوون بۆ عێراقییان لێگیراوە (هەمان سەرچاوە).

دەوڵەت ڕۆژی پێنج شەممە 2–9 بە ئازییەتباری گشتی له نیپاڵ ڕاگەیەند,ڕۆژی پێشتر واتە چوار شەممە 1–9–2004 له ئاکامی ڕق و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قینی جەماوەر لە تیرۆریستانەوە لە خۆپیشاندانێکی جەماوەری مەزندا لە ئەنجامی هێرشی خۆپیشاندەران زۆر دوکان و کۆگا و دەزگای دەوڵەتی,دەیان ئۆتۆمۆبێل , دەزگای چاپەمەنی و بڵاو کراوە , مزگەوتی سەرەکی شار سوتێنران , 2 هاوڵاتی لەم خۆپیشاندانەدا گیانییان لە دەستدا, یەکییان بە دەستی پۆلیس لە کاتی هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی میسر ئەوی دیکەش لە پارکی شار .پاش ئەم بارگرژییە لە بازاڕ خواردەمەنی گران بوو , بۆ یەك هەفتە فڕۆکەوانی ڕاگرترا , حکومەت بڕیاری دا هەر یەکەی لە 12 قوربانییەکە 1 ملیۆن لیرە قەرە بوی کەس و کارییان بکاتەوە .

منالآن لە ناو پارچە ئاسن و دوکانی سوتاوەکان خەریکی کۆکردنەوەیانن تا پارویەکی لێبخۆن (نیپاڵ نیوس 2–9–2004).

ڕێکخراوەکانی موسڵمانانی نیپاڵی کوشتنی ئەو 12 نیپاڵییەیان شەرمەزار کرد . چوار شەممە و پێنج شەممە کەتماندۆ وێنەی شاری جنگی بەخۆوە گرت , ئۆتۆمۆبێلی پڕ لە پۆلیس و سەرباز بە ناو شاردا بڵاو بونەتەوە , سەدان چەکداری حکومی شارییان کۆنترۆڵ کردوە , جەماوەر دەوڵەتییان تاوانبار کرد بەوەی کاری پێویستییان نەکردوە بۆ بەردانی 12 نیپاڵییەکە (www.iol.co.za) . بەشێك لە تاوانەکەیان خستە ئەستۆی .هەروەها موسڵمانەکانی نیپاڵ نوێژی هەینی 3–9–2004 یان لە ماڵەکانییان ئەنجام دا و نەیان وێرا لە مزگەوتەکان نوێژی جەماعەت بکەن (3–9–2004 جەزیرە نێت).ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە پارساڵ 1 ملیار دۆلار لە کرێکارانی نیپاڵییەوە لە هاندەران ڕەوانەی نیپاڵ کرایەوە , ئەمەش یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی دراوی بیانییە بۆ نیپاڵ . هاوکات ئەم خۆپیشاندانانە و ئەم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بارگرژی ئاینییه کار لەسەر سەرمایەگوزاری بێگانە  و گەشت و گوزار دادەنێت .**



## ژنانی نیپاڵ و تێکۆشانی سیاسی




ژنان و منالان لە نیپالدا دوو توێژی هەرە چەوساوەی کۆمەڵن, چەوساندنەوەی توندی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابورییان لە سەرە. سستەمی چینایەتی ئاینی هیندۆسی و کلتوری دەرەبەگایەتی دواکەوتووانەو بالا دەستی ئابوری پاشماوەی دەرەبەگایەتی بەسەر ئابوری ولاتدا  هۆکاری سەرەکی ئەم چەوساندنەوە توندو تیژەن کە بە ئەندازەیەکە دورە لە هەموو پێوەرێکی .

لەم ولاتە لە هەر ناوچەیەکی کلتورێك باوە بەشێوەی جۆراوجۆر ژنان دەچەوسێننەوە, لە ڕۆژهەلاتی نیپاڵ لەناو نەتەوەی شیربا بە چەند برا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەك ژن دەهێنن , لە ناو گورنگزدا ئامۆزا خواستن کلتوری باوە , کچ بۆ دیاریکردنی هاوسەر تەنها شانسی ئامۆزاکەی لەبەر دەمیدایە .تامانحیش بەهەمان شێوە ژنی بە کۆمەڵ کلتوری باوە لە ناویان , ساکەلی تەنها ژن بە خۆیان دەدەن, ناهێڵن ژنییان لێ دەرچێتە دەرەوە , براهمییەکان مێرد بۆ کچە 11–12 ساڵانەکانییان دەدۆزنەوە,لە ناویاندا کچ لە ئامۆزا یاساغە ,نیوار کچ لە 7–8 ساڵییەوە بە شووە دەدەن , لەو تەمەنە منداڵییە دەبێت کاری خێزانێك راپەڕێنێت و لە هەموو مافێکی مناڵانە بێبەشەکرێت , ماراگوس و دوپلەش بە چەند برا ژنێکییان هەیە ئەو ژنە دەبێت پێداویستی سێکسی سەرجەم براکان و کاری ماڵەوەو بەرهەم هێنانی مناڵییان بۆ دابین بکات, ئەگەر بەر خێزانی خاوەند کوڕی زۆر بکەوێت دەردەکەی قولترەوە دەبێت , لە حالەتی ژنی هاوبەش ئەوە دەردەکە زیاتر قولەوە دەبێت کاتێك یەکێك لە براکان کەم و کوڕی حەستەیی یان ئەقڵی یان ڕەوشتی هەبێت ژنە ئەبێت تەحەمولی هەموو براکان بکات.سارۆش کلتوری چەند ژنەو چەند پیاوەیان تێدا باوە .ئەمە نموونەیەك بوو لە کلتوری دواکەوتوو کۆنەپەرستانەی نیپالی بەرامبەر ژنان , ئەگەر بە وردی بیخوێنینەوە ئەوا دیاردەی سەیر تری تێدا دەدۆزینەوە.

ژنانی نیپالی بە پێچەوانەی ژنانی وڵاتانی ناوچەکە بە گشتی و باشوری ئاسیا بە تایبەتی کە ئافرەتان ڕۆڵی کاریگەر و پێشەنگ لە سیاسەتی ئەو وڵاتانە دیاری دەکەن بە وڵاتە ئیسلامییەکانیشەوە , بەڵام لەنیپال ژنان لە کاروباری سیاسییدا پەراوێز کراون , لیستی پاڵێوراوانی ژن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 1991 لە کۆی 1345 کاندید تەنها 80 ی ئافرەت بوو , لەوانە تەنها 7 ییان دەرچوون بۆ پەرلەمان کە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکاتە نزیك بە 3٪ . لە ساڵی 1994دا  لە کۆی 1442 کاندید تەنها بیان86 ژن بوون و لەوانە تەنها 7یان دەرچوون , لە ساڵی 1999 لە کۆی 2238 کاندید تەنها 143 ی ئافرەت بوون ,لە وانە 12 بیان هەڵبژێردران بۆ پەرلەمان . هەروەها لە کابینەی ئێستای وزارەت تەنها 2 وەزیری ژنی تێدایە لە کۆی 31 وەزیر.ئەم لاوازییەی بەشداریی ژن لەسیاسەت نیپاڵی کردۆتە یەکێك لەو وڵاتانەی لیستی ڕەش بێت بەرامبەر ئافرەتان , بە هەموو شێوەیەك پەراوێزییانی کردووە لە دیاریکردنی ڕۆڵی سیاسی  لە وڵاتەکەیان .

نەخوێنەواری دیاردەیەکی بەر بڵاوە لە ناو ژنانی نیپاڵیدا , تەنها 27,6٪ بیان خوێندەوارن , بوونی نەخوێندەواری بەو ڕادە بەرزە لە ناو ژناندا هۆکاری سەرەکییە لە پەراوێزکردنی ژنان لە سیاسەتی وڵات, لە پاڵ کلتوری کۆنەپەرستانەی دەرەبەگایەتی و کاریگەری کۆنەپەرستانەی ئاینی هیندۆسی.

سستەمی چینایەتی هیندۆسی لایەنێکی کەی چەوساندنەوەی ژنانە لەم کۆمەڵگە هیندۆسییەدا , ژنانی مەنبوزەکان بۆیان نییە شو بە چینەکان کە بکەن وە پیاوانیشییان بە هەمان شێوە بۆیان نییە ژنییان لێبخوازن , دیاردەی کوشتن بەربڵاوە سەبارەت بە لادان لەم هێڵە سورە کە خواوەندەکانی براهما کێشاوییانە بۆ مەنبوزەکان .

ڕێکخراوی داکۆکی لە منداڵانی نیپاڵی ڕای گەیاند فرۆشتنی منداڵان بۆ بازاڕی سێکسی بووە بە دیاردەیەکی بەربڵاو لە نیپاڵدا , ئەم وڵاتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی گۆیلەی سپی منداڵان و ژنانە لە بازاڕی نەگریسی سێکسی ڕۆژئاوا . هەروەها پەلاماری سێکسی لە کاتی کاردا لە لایەن خاوەند کارەکانەوە بۆ سەر منداڵانی کرێکار دیاردەیەکی باوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له 6 مانگی نێوان 1-1-2004 بۆ 1-7-2004 زیاتر له 10247 منالّ ڕفێنراون له نیپالّ .لەو 6 مانگەدا 7000 منالّ هێرشی توندو تیژی کراوەته سەریان , 6600منالّ له لایەن ماوییەکانەوه ڕفێنراون بۆ ئەنجامدانی خولی ڕاهێنانی سیاسی و سەربازی(منالآنی کەمتر له 18 سالّ که دەبردرێن بۆ فێرگا ناوی ڕفاندنی لێدەنرێت) .77 منالّ له لایەن دەولّەتەوه به تاوانی ئەندام بوونیان له پارتی ماوییەکان گرتراون , 96 له جەنگدا بریندار کراون , 137 بەزۆر سێکسییان له گەلّ کراوه .

له سالّی 2001 تەنها 31٪ منالآن چونەته قوتابخانه , 69٪ی منالآن له نیعمەتی خوێنەواری بێبەری بوونه .



لەم ولآته تەنها 25٪ی منالآن دژ به نەخۆشی سورێژەو ئاوەلّه دەکوترێن ئەوانی دیکه له بەردەم مەترسی نەخۆشی و مردندان , بەشی زۆر له منالآن له نێوان 9-15 سالّی دەمرن . منالآنی کرێکار 14,5٪ی کچان و 13٪ کوڕانییان هێرشی سێکسی دەکرێته سەریان له لایەن خاوەند کارەکانییانەوه .له نیپالّدا 127000 منالّ مانگانه تەنها به 4 دۆلار کاره کەن له ناخۆشترین هەلومەرجی کاردا.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com






هەزاران ژن پەیوەندیان بە خەباتی چەکدارییەوە کردووە بۆ ڕزگار بوون لە چەوساندنەوە ، ئارییەکان لە ڕۆژئاوا دەژێن ، چەوساندنەوەی ژنان لە ناوییان توندترە بۆیە زیاتر ژنان لە ڕۆژئاوا پەیوەندی دەکەن بە گەریلاکانەوە ,بەم هۆیەوە ماوییەکان لە ڕۆژئاوا بەهێزترن لە بەشەکانی کەی نیپاڵ( شمارە 3 هەقیقەت –مقابلە لەگەڵ براهاندا سەرۆکی ماوییەکان). هەموو لادێیەك کۆمیتەیەکی ژنانی شۆڕشگێڕی خۆی هەیە کە سەر بە ڕێکخراوی ژنانی ماوییەکانن , 30٪ لە گەریلاکان و 10٪ لە سەرکردایەتی ماوییەکان لە ژنانن , لە هەمان کاتدا ژنانی ماوی خەبات دەکەن بۆ ئەوەی ژنان لە هەموو ئاستەکاندا لە ناو پارتادا بەشییان بگاتە 40٪ (www.stap.org).

## ماوییەکان و خەباتی چەکداری و ئامانج

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







له ساڵی 1994 –1995 پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵی(یەکێتی مارکسیست لینینستەکان) حکومەتییان پێك هێنا,لە ساڵی 1995 کەرت بوون لە ڕیزی ئەم پارتە ڕویدا و ماوییەکان جیا بوونەوە , لە 23 ی شوباتی 1996 بڕیاری خەباتی چەکداریان دا .

سستەمی پاشایەتی بە ڕوکەش دەسەڵاتی لە دەستدا نەماوە و حکومەتی دەستوری دامەزراوە, بەڵام لە کرداردا سوپاو پۆلیس و دەزگا سەرکوتکەرەکان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندایە, تەواوی شادەمارەکانی ئابوری وڵاتیان کۆنترۆل کردوە , بە داسەپاندنی چەندین جۆرە باج و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرانە بە تایبەت جوتیارانییان . چەساندنەوەی توند لەسەر جوتیاران و ژنان و مەنبوزەکانە , گەمەی پاشا بە حکومەتی بەناو هەڵبژێرراو ڕەنگی سەرکەوتنەکانی شۆڕشی جەماوەری ساڵی 1990 ی کاڵ کردۆتەوەو جەماوەری بێئومێدکردوە لەم گەمە سیاسییە , لە هەلومەرجێکی وادا بە بوونی ناوچەیەکی جوگراف وەك نیپاڵ بەو هەموو شاخ و جەنگەڵە چڕ و پڕەوە بەرپاکردنی خەباتی چەکداری جەماوەر وەلامدانەوەی پۆزەتیفی لە بەرامبەردا دەبێت , بۆیە دەبینین لە ماوەی کورتدا ماوییەکان گەورەترین سەرکەوتن تۆمارەکەن و دەبێنە هێزێکی جەماوەری زۆر گەورە , بە شێوەیەك ماوییەکان ئەگەر لە ئایندە بەشداری گەمەی سیاسی بکەن ئەوە گەورەترین هێزی سیاسی وڵاتن .

دروشمەکانی زەوی بۆ جوتیار , یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە میراتەوە بۆ کار , یەکسانی نەتەوەکان , نا بۆ هندۆسییەت و سستەمی چینایەتی بۆ یەکسانی و عەلمانییەت . ئەم دروشمە گشتییانە سەرجەمییان بانگەوازی کۆتایی بە چەوساندنەوەیان لە گەڵدایە لە ناو جەماوەر دەنگ و سەدای دایەوە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنی تازە بە کۆمەڵ پەیوەست بن پێوەی و بەردەوام لە گەورە بوندا بن سەرکوت و زەبرو زەنگی دەوڵەت , کۆمەڵ کوژی و یارمەتی جیهانی , پڕو پاگەندە ی درۆو ...... نەتوانن جەماوەر لەم هێزە مەزنە جەماوەرییە دابڕن.

نیپاڵ 80٪ خەڵکەکەی لە لادێکاندا دەژێن , 65٪ زەوی کشت و کاڵی وڵات بەدەست فیوداڵەکانەوەیە (حەقیقەت شمارە 10 ). بۆیە کێشەی زەوی و دابەشکردنی بەسەر جوتیاراندا کیشەیەکی ڕیشەیی جەماوەرییە بە تایبەت کێشەی خەڵکی لادێکانە بە شێوەی گشتی ,تا ساڵی 2001

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زیاتر له نیوەی لادێکانی نیپاڵ له ژێر کۆنترۆڵی ماوییەکاندا بوو , هەروەها 10 ملیۆن هاوڵاتی له ناوچه ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتییان دەژییان .لەو ناوچانەی ئاغاکان هەڵاتونه زەوییەکانییان داگیر کراوەو دراوه به جوتیارانی هەژاری بیٚ زەوی (هەقیقەت شماره 10). بۆیه پشتگیری بێسنوری هەمەلایەنەی خەڵکی ئەم ناوچانه له ماوییەکان دیاردەیەکی تەندروسته و له جێی خۆیەتی . له نیپاڵ 226000 کرێکاری کشت و کاڵی له کۆیلەداریدا ژیان بەسەره بەن .

هەروەها لەم وولاتەدا گەندەڵی دیاردەیەکی بەربلاوه له دەسەلاتدارییەتیدا , جەماوەر بەرامبەر دیاردەی گەندەڵی زۆر بێزارن به دەستییەوه دەناڵێنن . تا ساڵی 2003 له ماوەی 13 ساڵی دیموکراسیدا ژمارەی حکومەته دروستکراوەکان گەیشته 14 ئەمەش نیشانەی قەیرانێکی تونده سستەمی دەسەلاتی پادشایەتی بەدەستییەوه دەناڵێنێت .

هێزی گەریلای ماوییەکان تا سەرەتای ستاٚی 2003 خۆی دەدا له 10000 گەریلا و 15000بەرگری میلی و 4500 کادیری سیاسی و 200000 ئەندامی هەڵسوڕاو, سەرباری بوونی کۆمەڵێك ڕێکخراوی جەماوەری بۆ کرێکاران و ژنان و قوتابییان , تەنها یەکێتی قوتابییانی ماوی 400000 ئەندامییان هەیه له هەموو پلەکانی خوێندن .تا سەرەتای 2003 له کۆی 75 ناوچەی نیپالی گەریلاکان له 68 ناوچەدا هەڵسوڕانی چەکدارییان هەبوو .60٪ هێزەکانییان له 150-200 میلی ڕۆژئاوای کەتماندۆوەن , 10٪ له ناوچەکانی ڕۆژئاوای دوور , 10٪ له ناوەڕاست , بەشەکانی که له دۆڵی کەتماندۆو ڕۆژهەڵاتی کەتماندۆوەن ( www.cdi.org).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کادیره سیاسییەکانیان زۆربەیان لە خوێنەوارانی چینی ناوەڕاستی شارنشینن, لەو چینانەوە هاتوون ئازاری برسێتی و نەخوێنەوارییان نەچەشتووە , بەڵام بە چاو ڕۆژانە ئازاری دەرونییان دەدا .
بەشێك لەخەڵکی ئەم وولاتە بە تایبەت ڕۆژئاواکەی لە ئاستێکی زۆر دواکەوتوودا دەژێن, گەریلاکان کە هێرشییان کردە سەر شاری غوراهی و گرتیان بەشێکی زۆری گەریلاکان تا ئەو چرکە ساتە ئۆتۆمۆبیلییان بە چاو و تەنانەت بە وێنەش نەدیتبوو .
حکومەت تەنها بەسەر شارەکاندا زاڵە کە ئێستا چالاکی چەکداری زۆربوە تیایاندا , بە ڕۆژیش بەسەر زۆر لە ڕێگاکاندا زاڵن (سیدریك غوفرنور–حیوار تمدن ژمارە 654 ڕۆژی 16–11–2003).
سستەمی چینایەتی هەرچەندە لە ساڵی 1963 دوە بە فەرمی هەڵوەشاوەتەوە بەڵام هێشتا هەر کاری پێدەکرێت , نیپاڵ دوا مەملەکەتی هیندۆسییە لە جیهاندا, 21٪ هاوڵاتییان لە دالێتن واتە مەنبوزەکان , ئەمانەش بۆیان نییە بچنە شوێنە پیرۆزەکانەوە, تەنانەت نوێژ کردن بۆ خواشییان لێحەرامکراوە ,ناتوانن دەست لە خۆراکی چینەکانی کە بدەن, بەرهەمەکانییان بفرۆشن, ئەمانە ئێستا پشتگیری سەر سەختانە لە ماوییەکان دەکەن , بە ڕزگارکەی خۆیانییان دەزانن لە دەست سستەمێك زیاتر لە 2000 ساڵە دەیان چەوسێنێتەوە , ئێستا دەتوانن بەیەکسانی لەگەڵ چینەکانی کە ببن بە گەریلا بگرە بگەن بەپلەی بەرزی سەرکردایەتی. لە ڕیزی پارتدا هەست بە بوون و هێزی خۆیان دەکەن , ئەم سستەمە ئاینییە کۆنەپەرستانەیە هیچ ئاین و شۆڕشێك نەیتوانی کۆتایی پێبهێنێت بەڵام مارکسیزم ئاڵای لە گۆڕانی هەڵگرتووە زۆر لاوازی کردووە. لە ڕابردودا مەنبوزەکان هانای بۆ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاینەكان كە دەبرد تا ڕزگارییان بێت لە مەنبوزی . بەڵام ئێستا خولی نەهێشتنی نەخوێنەوارییان بۆ دەكرێتەوەو زەوی ئاغا هەڵاتوەكانییان بەسەردا دابەش دەكرێت , ئەو براهمایانەی كە نایان توانی سەر لە ئاستییان بەرز كەنەوە لە ناوچەكانی خۆیان دەسەڵاتی بەسەردا دەسەپێنن ,ماوییەكان بوونە ئەو سپارتاكۆسەی چاوەڕوانی هاتنییان دەكرد , ئەو فریاد ڕەسەی بە بەرگی سورەوە ڕزگاریانی كرد.

لەم ولاتەدا هەر جوتیارێك سێیەكی هیكتارێك زەوی بەر دەكەوێت(حیوار تمدن 18-8-2003 لوك راسین) ئەمەش گەلێك كەمترە لەوەی بتوانێت پێداویستی خۆراكی خێزانێك دابین بكات.

لە نیپاڵ نزیك بە نیوەی هاولاتییان لە كەمەنەتەوەییەكانن بۆیە ماوییەكان وەك ئەزمونێكی نوێ لە سەردەمی خەباتی چەكدارییدا ئەو شوێنانەی ئازادی دەكەن حكومەتی ناوچەیی خاوەند ئۆتۆنۆمی ڕادەگەیەنن وەك هەنگاوێك بۆ چارەسەركردنی كێشەی نەتەوایەتیی نەتەوە ژێر دەستەكان , بۆ نموونە لە 9-1-2004 بە ئامادە بوونی زیاتر لە 75000 كەس حكومەتی گەلی خەڵكی ماگارییان لە ڕۆژئاوای ولات ڕاگەیاند , ئەم گەلە لەساڵی 1768 ەوە لە ژێر دەستی نیپاڵەكاندا دەژییان و ستەمی نەتەوایەتییان لەسەر بوو, 130 نوێنەر ئامادە بوون و لەوێدا حكومەتی ناوچەیی دیاریكرا, ئەم ناوچەیە بەخەباتی چەكداری ئازادكراوە(هەقیقەت شمارە 13 ی 1382).

ئێستا ولات دابەشكراوە بە سەر 9 ناوچەی ئۆتۆنۆمی ( The Worter/n4 ئۆرگانی ماوییەكان).پێش ناوچەی ماگار حكومەتی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەكای Rolea و Thawaang و لە كانونی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ر\ابردوو له ناوچەی Bher Karnali و Seti Mahakali و Tamuuwan ,Tharuwan,Tamanj,kirxal,madhesh دامەزرێنران (بۆڵتن ژماره 7 ی ڕۆژی 15–12–2003).

هەروەها ماوییەکان جگە لەوەی ژمارەیەك زۆر ژنانییان هێناوەتە ناو کۆڕی تێکۆشانی سیاسییەوە و لە هەمان کاتدا لە دەستەکانی پارتیزانیدا نابێت لە 2 گەریلای ژن کەمتر لە هەر دەستەیەکدا هەبێت , لە هەمان کاتدا ناهێڵن لە ناوچە ئازادکراوەکان ژێر دەسەڵاتییان ژنان بچوسێنەوە(حقیقت شماره 14).لەم دەوڵەتەدا کە لە ڕۆژئاوا دایان مەزراندووە کە هەموو کات مەڵبەندی چەپی توندڕەو بووە لە پێش ئەمانیش زەبروزەنگی خێزانی یاساغە , لێدانی ژن لە لایەن پیاوەوە قەدەغەیە , زیندانەکانییان پڕە لەو پیاوانەی زەبرو زەنگییان بەرامبەر ژنان بەکار هێناوە ,خواردنەوەی کهول و مادە بێهۆشکەرەکان یاساغە چونکە پێیان وایە دەبێتە هۆی توندو تیژی لە ناو خێزاندا (حیوار تمدن –16–11–2003), هەروەها یەکسانی لە ویراسە لە نێوان ژنان و پیاوان پەیرەو دەکرێت (بۆڵتنی ژماره 2).

خەڵکی ڕۆژئاوا خەڵکێکی هەژار , منالآنی پێست لەسەر ئێسك و دابڕاو لە جیهان, بەڵام یەکدەنگ لەگەڵ ماوییەکانن بونەتە ناوکی خەباتی چەکداری لە هەموو نیپاڵ.

جەنگ زیانی زۆری بە دەوڵت گەیاندووەو درێژە پێدانی بە بێ هاوکاری وڵاتانی دەرەوە ئەستەمە بۆیان , بەهۆی جەنگەوە بودجەی کاروباری سەربازی 300٪ زیادکرا. وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا و هیند و بەلجیکا یارمەتی سەربازی نیپاڵ دەدەن ( The Wirter /n9

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئۆرگانی ماوییەکان).تەنانەت بەناردنی ئەفسەرانیش (بۆلتن ژمارە 7 ڕۆژی 15-12-2003).

ماوییەکان بەرنامی هەمەلایەنەیان پێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی نیپاڵی لە ڕوی سیاسییەوە خوازیاری هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان و کۆتایی بە سستەمی پاشایەتین, لە ڕوی ئابورییەوە دابەشکردنی زەوی , گەشەسەندنی نیشتمانی پیشەسازییان دەوێت , لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە خوێندن بە زۆر و بە خۆڕایی بۆ منالان ,سستەمی تەندروستی گشتی ,بنەبڕکردنی گەندەڵی , یارمەتی منالان و پیرەکان ,لە ڕوی سیاسەتی دەرەوە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانییەتییەکانی لەوە پێش و دۆستایەتی لەگەڵ ولاتان لە سەر بنچینەی پاراستنی سەربەخۆییان دەوێت(بۆلتن ژمارە 8 12-1-2004 بە زمانی ئینگلیزی). ئەم بەرنامە هەمەلایەنە بووەتە هۆی گەشەکردنی خەباتی جەماوەری لە ناو شارەکان,لە شاری لیوانغ جەماوەر بە خۆپیشاندانەوە دێنە ناوییەوە بە بێ ئەوەی دەولەت دەسەلاتی بەسەریاندا هەبێت ,ئەمەش تابلۆیەکی سوریالی دەنەخشێنێت بە ووتەی ڕۆژنامەی بەیانی ئیماراتی(حیوار تمدن-11-9-2003).

پاشایەتی پشتگیری زۆربەی ناوچەکانی لەدەست داوە تەنها لە ناو هەندێك نەتەوە نەبێت کە ئێستا بڕبڕەی پشتی دەسەلاتدارییەتین و سستەمی سەربازییەکەی بەهێزە کەن لەوانە ڕایس لە باکوری ڕۆژهەلات کە 4,4٪ دانیشتوان پێك دەهێنن ئەمانە نە بوزی و نە هیندۆسی تەواون تێکەڵەیەکن لە هەردوکییان.هەروەها ماگراس کە 7,2٪ دانیشتوان پێك دەهێنن لە باکور و ناوەڕاستی ولات دەژێن. ئەم دوو نەتەوەیە هێزی فیزیکی سوپای نیپاڵی دیاری دەکەن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com









به گشتی ئێستا نیپاڵ 80٪ به دەست ماوییەکانەوەیە یاخود تیایدا چالاکن, لەو ناوچانەی ئازادکراوی تەواون فەرمانڕەوایی خۆیان سەپاندووەو حکومەتی خوازیاری خۆیان دیاریکردووە , ناوچەکانی کەش مەیدانی چالاکی چەکداری و مەڵبەندی خەباتی جەماوەرییانن. بە گوێرەی پەیامنێری تەلەفزیۆنی جەزیرە لە نیپاڵەوە هەر هەڵبژاردنێکی ئازاد لەم وڵاتە ئەنجام بدرێت و ماوییکان بەشداری بکەن ئەوا گەورەترین هێزی سیاسی وڵاتن .

ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان لە ئەنجامی شەڕ و پێکادان و کرداری تیرۆریستی دەوڵەتەوە شوێن بزر بوونە , ژمارەیان دەگاتە 700 کەس , لەوانە 80٪ لەوانەن لە ناوچەکانی دەسەڵاتدارییەتی ماوییەکاندا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەژێن  لە لایەن دەوڵەتەوە شوێن بزرکراون کەچی وڵاتە یەکگرتوەکان ماوییەکان دەباتە لیستی لایەنە تیرۆریستییەکانەوە (ژمارە 7 بۆلتن 15 –12–2003) و هاوکاری سەربازی دەوڵەتە کات. ڕێکخراوەکانی ماف مرۆڤ لە نیپاڵ داوا لە هەردوو لا دەکەن (گەریلاو سوپای پاشایەتی)دەست لە چاندنی لوغمی کەسی هەڵگرن.

## ماوییەکان و ئەرکە نێو نەتەوەییەکان

ماوییەکان ئیلهام لە بزوتنەوەی چەکداری ڕێگای ڕۆشنی پیرۆیی وەر ئەگرن . خۆیان بە ئاڵا هەڵگری شۆڕشی سۆسیالستی جیهانی دەزانن براهەنداش بە ڕابەری ئەو شۆڕشە جیهانییە دەناسێنن . پێیان وایە سۆسیالزمییان لە قەیران و هەرەس ڕزگار کردووە . توانیوایەنە لەگەڵ ماوییەکانی هیندستان کە خەباتی چەکدارییان لە چەندین ولایەتی وەك بیهار و ئەندرابرادیش و بەنغالی ڕۆژئاوا و ..... ڕێك خستوە هاوپەیمانی دروست بکەن , لە گەڵ ماوییەکانی بۆتان و سریلانگاو هیندستان و بەنغەلادیش یەکێتی ماوییەکانی خواروی ئاسیایان دروست کردووە بەشێك لەو بزوتنوانە خۆیانی یارمەتی دروست بونییان داوە , هەروەها لەگەڵ 41 کۆمەڵەو پارتی ماوی لە ئەمەریکای لاتینەوەبۆ تورکیاو ئێران و ئەفغانستان ..... هاوپەیمانییەتییەکی نێو نەتەوەییان دروست کردووە .

هاوکات لە گەڵ پلنگەکانی تامیل یارمەتی و هاوکاری پێشکەش بە یەکتری دەکەن .لە هیندستاندا ماوییەکان پشت بەو 8 ملیۆن نیپاڵییە دەبەستن ئێستا لەو وڵاتە دەژێن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پاشایەتی بەرەو کویێ

گرنگترین داواکاری ماوییەکان کۆتایی هێنان بە سستەمی پاشایەتییە . لە نیپاڵدا هێزە سیاسییەکان زۆربەی زۆرییان دژ بە پاشایەتیین لە پارتی کۆمۆنیستەوە بۆ کۆنگرەی گەلی نیپاڵی بۆ هێزە بچوکەکان کە , جگە لە هەندێك هێزی پەراوێزی پارێزگار نەبێت , بۆیە ئەو داواکارییەی ماوییەکان بەرزییانکردۆتەوە ئەنجامدانی ڕاپرسی لە سەر مانەوە یان لاچونی سستەمی پاشایەتی دروشمێکی تەواو پراتیکییە , بەڵام ئەم دروشمە کاتێك دەبێتە پراتیك کە ماوییەکان هێزەکان کە دڵنیا بکەنەوە پاش لاچونی پاشایەتی دەوڵەتێکی کۆماری دیموکراتی دادەمەزرێنن , چونکە ئەو هێزانە لە قۆناغی پاش پاشایەتیش دەترسن , لەوە دەترسن ئەزمونەکان کەمبۆدیاو وڵاتە دیکتاتۆرییەکان کە لە نیپاڵ دوبارە بێتەوە .

## ئەم بزووتنەوەیە بۆ کویێ

ماوییەکان نەك دورنمای سەرکەوتنی شۆڕشییان تەنها لە نیپاڵ هەیە , بەڵکە ئەوان باوەڕییان وایە پاش هەرەسی سۆڤییەت پەیامنێری سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەی پەیامی شۆڕشی سۆسیالستتیین لە جیهاندا و پراهەندای ڕابەریشیان ڕابەری ئەو بزووتنەوە جیهانییە دەکات .ئەوان بۆچوونەکانی براهاندا بە ڕێگای تێکۆشان و تەواو کەری پەیامەکانی ماوتسی تۆنگ دەزانن .لە ساڵی 2001 لەگەڵ 9 پارتی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەی هیندی و بەنگەلادیشی و سریلانکی و بۆتانی بەرەی هاوئاهەنگی ماوییەکانی باشوری ئاسیایان دامەزراند .

ئێستا دەبێت باس لەوە بکەین ئەم بزووتنەوەیە دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەلاَت چی دەکات؟؟. ئایا سستەمێکی تاك پارتی دادەمەزرێنێت و کۆمەلَگە لە پیسییەکان دەرەوەی خۆیان پاك دەکاتەوە یان دەرگای ئازادی سیاسی دەکاتە سر پشت بۆ هەمووان؟؟. مامەلَەی چۆن دەبێت لەگەلَ پارتە سیاسییەکانی کە؟؟. کە ئێستا زۆر بە توندی و بێبەزەیی مامەلَە لە گەلَ نەیارانی سیاسی خۆیاندا دەکەن ؟؟. ئەو پارتە کۆمۆنیستانەی لە گەمەی هەلَبژاردن بەشدارن بە لادەر دەزانن . ئایا هەژاری دابەش دەکات یان سستەمێکی ئابوری لەسەر بنچینەی ئەزمونەکانی ولاَتانی سۆسیالستی بنیاتنراوی پێشوو بنیات دەنێن و مامەلَەیەکی کراوە لە گەلَ ئابوری و تێکەلَ بوون بە سستەمی ئابوری جیهانی پەیرەو دەکات؟؟.ئەمانەو کۆمەلَێك پرسیاری کە لە دوای سەرکەوتن سەر دەردێنن .چارەسەر کردنی گەندەلَی دواکەوتویی و نەخوێنەواری و هەژاری بەو چارەسەرییە سادانەی ئەمڕۆ لەسەردەمی شۆڕشدا تا سەر نابێت .لە لادێیەکی شاخاوی دوور لە شار چارەسەری سادە بۆ کێشەی گەورە سانایە , دەشێت دەسەلاَتدارییەتییەك لە هەلَبژاردنی بەڕیوەبەرایەتی گوندێك دیموکراسی بێت و بە کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەیەکی سەرەتایی و .... سەرنجی جەماوەر بۆ خۆی ڕابکێشێت , بەلاَم ئەم کردارە سادانە لە ناو خەلَکی شار بە بوونی کلتورێکی دیموکراسی لەم وولاَتە ناتوانێت وەلاَمدەر بێت بە داواکاری خەلَك . لە دەسەلاَتدا دەبێت مامەلَە لەگەلَ سەرمایەگوزاری بێگانە و گەشت و گوزار و بیمەی بێکاری و .... بکرێت . خوێندەواری و خواردن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ هەمووان پێویستی بە ئابوری بەهێز هەیە , ئابوری بەهێزیش پێویستی بە دابینکردنی کار بۆ هاوولاتییان و بەرهەم هێنانی خۆراکی پێویست بۆ هاولاتییان و خۆشکردنی گوزەرانییان هەیە , پێویستی بە چونە ناو بازنەی پەیوەندییە ئابورییەکانی جیهان هەیە. لە لادێیەکی ڕزگار کراودا حاکم و مەحکوم هەر خۆیانن دەسەلاتدارییەتی جییایە لەگەڵ شاردا کە دەیان پارتی سیاسی بە بیروباوەڕی جیاجیاوە دەیان ساڵە چالاکن .هەموو ئەو پرسیارانەو زۆری کە دوای گۆڕانکاری چاوەڕوانییان دەکەن , وەلامدانەوەکانیشییان لەو کاتەدا وەلامە بۆ ئەوەی ئایا سستەمێکی بیروکراتی دیکتاتۆری نوێ زیادە کەن , یان بەرەو بنیات نانی ولاتێکی کراوەو دامەزراندنی دادپەروەری کۆمەلایەتی دەڕۆن . خەڵکی نیپاڵ بە تایبەت ژنان و هەژاران و مەنبوزەکان , ستەمێك یەکسانی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسییان بۆ بهێنێت چەندە دیکتاتۆریش بێت لە سستەمی زاڵمانەی پێشوو پێیان باشترە بێت , چەندە دکتاتۆر بن وەك شافێز بەیعەی خۆیانی بۆ دەکەن , هەژاران لە دیموکراتییدا تەنها چەپڵە لێدانەکەیان بەرە کەوێت .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com